





# پرۆژەیەک بۆ کوردستان

نووسینی: هێمن سەیدی

ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# ناوەرۆک:


- پێشەکی
- پرسی سەربەخۆیی لە سەدەی تازەدا
- فاکتۆرە چاوەروانەنەکراوەکانی شکستی ریفراندۆم
- فاکتۆرە چاوەروانکراو و قابیلی پێشگیریەکان
- پێشنیارەکان
- بە نیسبەت بیرورای جیهانی
- بە نیسبەت ولاتانی دراوسێ
- لە سەر کێشە ناوخۆییەکان


# پرۆژەیەک بۆ کوردستان

**پێشکەشە بە یادی هەمیشە زیندووی رێبەری شەهید، دوکتور قاسملوی نەمر**

**(خەسارناسی رێفراندۆمەکەی ٢٠١٧ و پێشنیارێک بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان)**

**هێمن سەیدی**

## پێشەکی

سەدەی رابردوو بۆ کورد سەدەی تێکۆشان بوو بۆ دابین کردنی مافی نەتەوایەتی کە لە سێپتامبری ٢٠١٧ دا ئەم تێکۆشانە لە پارچەیەکی کوردستان گەیشتە لوتکە. بۆ یەکەم جار لە قالبی رێفراندۆمێکی دیموکراتیکدا گەلی کورد توانی دەنگی خۆی بۆ ویستی سەربەخۆیی، بە گۆیی جیهان بگەیێنێ. پشتگیری کەم وێنەی کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لەم حەوڵە بە تایبەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان، دەری خست کە بۆ هەموو گەلی کورد ئەم پرسە گرنگێگی زۆری هەیە. دەکرێ بلێین لە رۆژهەلاتی کوردستان رێفراندۆمێکی نافەرمی بەرێوە چوو بەو پشتیوانییە بەرفراوانەی کە لە رێفراندۆمەکەی



سەرچاوە Serchawe

باشور کرا. هاوکات پشتیوانی نەکردنی زلهێزەکان، دوژمنایەتی کردنی ولاتانی دراوسێ و ناتەبایی ناوخۆیی نیشانی دا کە هەرچەند بەرێوەبردنی ریفراندۆمەکە سەرکەوتنێکی مێژوویی بۆ گەلی کورد تۆمار کرد، بەلام نە لە ناوخۆی کوردستان کاری پێویستی بۆ کرابوو، نە لە دەرەوە هەلومەرجێکی لەبار بۆ پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان ئامادە کرابوو. پارتی دیموکراتی کوردستان وەکوو حیزبی دەسەلاتداری باشوری کوردستان لە سەرکەوتنی ریفراندۆم پشکی شێری پێ برا، بە لام بە دروستی تاوانبار کرا کە بە بێ هەلسەنگاندنی دروست و بە تەنیا قۆلی لێ هەلمالیوە.

لەم وتارەدا سەرەتا وەکوو پێشەکی ئاورێک لە پرسی سەربەخۆیی گەلان لە سەدەی بیست ویەک دا دەدرێتەوە و حەول دەدرێ ولامی ئەم پرسیارە بدۆزرێتەوە کە بۆچی بیرورای گشتی جیهان و زلهێزەکان، وەکوو جاران پشتگیری پرسی سەربەخۆیی گەلانی بێ دەولەت ناکەن و چ بکرێ کە پرسی کورد لەو دەگمەن کەیسانە بێ کە لانی کەم بەشێک لە ولاتانی جیهان پشتیوانی لێ بکەن. چ بکەین کە لە هەر چوار پارچەی کوردستان مافی نەتەوەیی و هەروەها عەدالەتی کۆمەلایەتی بە باشترین شێوە دابین بکرێ. بۆ دەسپێکی باسە سەرەکیەکە، هۆکارە ناوخۆیەکان شی دەکرێتەوە و لە کۆتاییش دا چەند پێشنیارێک بە نیسبەت هەر چوار پارچەی کوردستان پێشکەش دەکرێ.

### پرسی سەربەخۆیی لە سەدەی تازەدا

بە پێچەوانەی سەدەی پێشوو کە سەربەخۆیی گەلان گرنگترین پرسی جیهان بوو، لە سەدەی بیست ویەکدا باسی سەربەخۆیی ئەو گرنگیەی جارانی نەماوە و تەنانەت بیرورای گشتی جیهان لە هێندێ حالەتدا لە ساز بوونی دەولەتی تازە نیگەران دەبن. بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ ناسەرکەوتوو بوونی هێندێک لە ئەزموونەکانی سەربەخۆیی سەدەی پێشوو. بۆ وێنە ئێستا زلهێزەکان و ولاتانی رۆژئاوایی لە سەربەخۆیی پاکستان پەشیمانن و خۆزگە دەخوازن کە پاکستان هەر بەشێک لە هیندوستان ماباوە کە بە دلنیاییەوە زیانی بۆ خۆی و بۆ جیهان کەمتر دەبوو. تەنیا سەربەخۆیی کۆمارەکانی سەر بە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو و هاوپەیمانەکانی لە رۆژهەلاتی ئەورووپا تا رادەیەک پێشوازی لێ کرا کە ئەویش بە بێ دەرەنجامی خراپ نەبوو بە تایبەتی لە یۆگۆسلاوی.

ئەوە بەو مانایە نیە کە خەباتی نەتەوایەتی و بزوتنەوەی ناسیونالیستی باوی نەماوە بەلکو مەبەست ئەوەیە کە ئەو پشتیوانیە نێو نەتەوەییەی کە سەدەی پێشوو لە سەربەخۆیی گەلان دەکرا کەمی کردوە. ئەو مەبەستانەی کە زلهێزەکان بۆیان گرنگ بوو بۆ پشتیوانی لە سەربەخۆیی گەلان، وەکوو جاران گرنگی نەماوە و تەنیا لە حالەتی تایبەت دا و بە مەرجێک کە دلنیا بن سەربەخۆیی گەلێک، زیان بۆ بەرژەوەندی ئەوان ناگەیەنێ پشتیوانی لێدەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

سەت ساڵ لەمەوبەر وانەبوو. لە سەرەتای سەدەی پێشوو، هەر دوو زلهێزی تازە پێگەیشتوو واتە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و یەکیەتی سۆڤیەت هەر دوو پشتگیری سەربەخۆیی گەلانی بێ وڵاتیان دەکرد، دیارە بە دوو روانگەی جیاواز، بەلام بە مەبەستێکی هاوبەش؛ بۆ لاوازکردنی دوو زلهێزی پێشوو، واتە بریتانیا و فەرانسە کە ئەو کات نیزیک بە نیوەی جیهانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردبوو. ویلسون سەرۆک کۆماری ئەمریکا خوازیاری لیبرالیزمی ئابووری جیهانی بوو. دەیهەویست کەلوپەلی ئەمەریکی بە بێ هیچ کۆسپێک و بە بێ نیاز بە گومرگ دان بە بریتانیا و فەرانسە، بگاتە هەموو بازارەکانی جیهان. بۆیە پشتیوانی دامەزرانی ولاتانی سەربەخۆ و کۆتایی سیستمی کۆلۆنیالیزمی دەکرد. لنین سەرۆکی یەکیەتی سۆڤیەتیش خوازیاری لاوازی فەرانسە و بریتانیا بوو کە پیلانیان بە دژی حکومەتە تازە دامەزراوەکەی دەگێرا. هەر بۆیە لنین پشتگیری لە مافی چارەنووسی گەلان دەکرد. یەکەم دەرەنجامی ئەم ئالوگۆرە گرنگە، سەربەخۆیی ئیرلەندی باشور و دامەزرانی کۆماری ئیرلەند لە ١٩٢١ دا بوو. رووداوێکی گرنگ کە جیهانی هەژاند و هاندەری باقی گەلانی بێ دەولەتی جیهان بوو. ئەوەی گرنگی ئەم رووداوەی زیاتر دەکرد ئەو راستییە بوو کە گەلی ئیرلەند تەنانەت بەشێک لە کۆلۆنیەکانی بریتانیا نەبوون بەلکوو بۆخۆیان هاوولاتی بریتانیا بوون و لە پارلومانی وێستمنیستری لەندەن نوێنەریان هەبوو بەلام ئامادە بوون لە پێناو سەربەخۆیی دا واز لە هاولاتی بوونی گەورەترین زلهێزی جیهان بهێنن (هەتا ١٩٢٦ هەر بریتانیا وەکوو زلهێزی یەکەمی ئابوری و نیزامی جیهان دەناسرا و لەم ساڵەوە ئەمەریکا جیگەی یەکەمی بریتانیای گرتەوە) لێرەدا دەردەکەوێ کە سەربەخۆیی ئەوکات چەندە گرنگ بوو.

### فاکتۆرە چاوەروانەنەکراوەکانی شکستی رێفراندۆم

ئەو رەوتی سەربەخۆیی خوازی هەتا کۆتایی سەدەی بیستەم هەر درێژەی هەبوو. کاتێک دوای شەری دووهەمی جیهانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دامەزرا تەنیا ٥١ ئەندامی هەبوو بەلام زۆری تێوەر نەسوورا کە ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە ١٦٠ و ئێستاش ١٩٣ ئەندامی هەیە. بەلام ئەو رەوتە لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم را خاو بۆوە. تەنیا رووداوی گەنگی لەو چەشنە لە سەدەی بیست و یەکدا سەربەخۆیی سودانی باشور بوو کە بەداخەوە ئەویش ئەزمونێکی سەرکەوتوو نەبوو و شەری ناوخۆیی لێ کەوتەوە کە ئێستاش هەر درێژەی هەیە. جیهان بە تایبەتی ولاتانی رۆژئاوایی پەشیمان بونەتەوە لەو پشتیوانییەی لە سەربەخۆیی سودانی باشور کردیان. هەرچەند کاتی خۆشی زیاتر وەکوو کێشەیەکی ئایینی پشتیوانیان لێ دەکرد هەتا وەکوو کێشەیەکی نەتەوەیی (زۆرینەی خەلکی باشوری سودان مەسیحی بوون).

هەر وەها کێشەی پشتگیری کردن یا پشتگیری نەکردن لە سەربەخۆیی تێکەل بە ململانەی سیاسی زلهێزەکانیش بوە. بۆ وێنە روسیە سەربەخۆیی کۆزۆوۆ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان ڤێتۆ دەکا، چین مانعی سەربەخۆیی تایوان



سەرچاوە
Serchawe

دەبێ، ئەمەریکاش لە ماڤی ڤێتۆ بە دژی سەربەخۆیی فەلەستین کەڵک وەردەگرێ. ئەزمونی شکست خواردووی دامەزرانی پاکستانیش کە بە وڵاتی کودیتا و تێرۆریزم و گەندەڵی ناسراوە، وای کردوە کە هیچ کام لە زلهێزەکان پشتیوانی لە سەربەخۆیی کشمیر نەکەن، نەکا پاکستانێکی دیکەی لێ ساز بێ.

ئاخرین نمونە لەم بوارەدا کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕێفراندۆمی باشوری کوردستان، پرسی سەربەخۆیی کاتالۆنیا بوو لە ئیسپانیا. بە داخەوە تەنانەت ولاتانی دیمۆکرات و لیبراڵ و پشتیوانی مافی مرۆڤیش لە ئەوروپا حازر نەبوون پشتگیری پرسی سەربەخۆیی کاتالۆنیا بکەن. ئەوەی کە جیگەی سەرسوورمان بوو، تەنانەت لە ناوچەی باسک کە ئەوانیش لەمێژە خوازیاری سەربەخۆیین، هیچ لایەنێک پشتیوانی لەم ڕێفراندۆمە نەکرد، هیچ کەس لە بالبیئو بۆ پشتگیری لە بارسێلۆنا نەهاتە سەر شەقام. حکومەتی ناوەندی مادرید زۆر بە هاسانی توانی بزوتنەوەی سەربەخۆیی خوازی کاتالۆنیا سەرکووت بکا و هەر ئێستاش زۆر لە بەڕێوەبەرانی ڕێفراندۆمی ٢٠١٧ لە زیندانی ئیسپانیا دان.

ڕاستە کە مافی دیاری کردنی چارەنوس بە مافی سەرەکی گەلان ناسراوە بەلام ئێستا باقی مافەکانی گەلان و بە گشتی 'مافی مرۆڤ' جێگەی مافی چارەنووسی گرتۆتەوە. مافی ژن، مافی منداڵ، مافی کەمینە ئاینییەکان، مافی کەمینە رەگەزیەکان ... زۆر زیاتر لە مافی سەربەخۆیی پشتیوانی لێ دەکرێ. تەنانەت ئەو کاتەی کە دەیانهەوێ پشتیوانی لە مافی نەتەوەیی بکەن، زیاتر پێداگری دەکەن لە سەر مافی فێربوون بە زمانی دایکی یا مافی بەڕێوەبەری خۆجێیی. ئەوروپاییەکان کاتی ڕێفراندۆمەکەی ٢٠١٧ دەیانگووت کاتالۆنەکان بە راستی چی دیکەیان دەوێ! دەیانگووت لە ١٩٧٨ەوە مافی خۆبەڕێوە بەرییان هەیە، مافی خوێندن بە زمانی دایکییان هەیە، خاوەنی پارلومانی خۆیانن لە بارسێلۆن. چی دیکەیان پێویستە کە دەیانهەوێ لە پێناوی دا وڵاتێکی دیموکراتیک و پێشکەوتووی وەکوو ئیسپانیا بشێوێنن. لە ڕێفراندۆمەکەی ٢٠١٤ی سکۆتلەندیش دا، زۆربەی بەشداربوان دەنگیان دا بە مانەوە لە چوارچێوەی بریتانیا و خوازیاری سەربەخۆیی نەبوون (هەر چەند راپرسیەکان پێمان دەڵێن بیروڕای خەڵکی سکۆتلەند ئێستا لە ٢٠٢٢ دا جیاوازە لە ٢٠١٤ و زیاتر لە ئەم کات پشتیوانی حیزبی ناسیونالیستی سکۆتلەند دەکەن. لە درێژەی ئەم وتارەدا زیاتر باسی ئەو بابەتە دەکەم).

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەک بە جیاوازی کاتالۆنیا و سکۆتلەند بە نیسبەت یەکیەتی ئەوروپاوە بکرێ. کاتێک ولاتانی ئەوروپایی پشتیوانیان لە سەربەخۆیی کاتالۆنیا نەکرد دەیانزانی لە حالەتی جیابونەوەی کاتالۆنیادا، ئەم ولاتە تازەیە مافی ئەندامەتی لە یەکیەتی ئەوروپای نابێ. لە ئەساسنامەی ئەم یەکیەتیەدا نوسراوە کە نابێ ئیزن بدەن ناوچەیەکی جیابۆوە، دوبارە وەکوو ئەندامێکی تازە وەربگیرێ. ئەوروپاییەکان نەیاندەویست بە سەربەخۆیی کاتالۆنیا، هەم بازاری

هاوبەشی خۆیان لەم ناوچە دەوڵەمەندەی ئیسپانیا لە دەست بدەن، هەم ئەندامێکی گرنگی خۆیان واتە ئیسپانیا لاواز بکەن.

هەر ئەم گرنگییەی دەوری یەکیەتی ئەوروپا بوو کە لە ٢٠١٤ دا دەستی بەشێک لە دەنگدەرانی سکۆتلەندی لەرزاند و نەیانهەویست بە بڕیاری جیابوونەوە لە بریتانیا لە یەکیەتی ئەوروپاش دەربکرێن. ئێستا بەڵام هەلومەرجەکە گۆڕاوە. بریتانیا دوای بریگزیت بۆخۆی لە یەکیەتی ئەوروپادا نەماوە، سکۆتلەندییەکان ئەو کێشەیان چارەسەر بوە و دوای جیابونەوە دەتوانن داوای ئەندامەتی لە یەکیەتی ئەوروپا بکەن، ئەوەش یەکێک لە هۆکارەکانی زیادبوونی رادەی پشتیوانی لە حیزبی ناسیونالیستی سکۆتلەندە بە نیسبەت ٢٠١٤. پارلومانی سکۆتلەند بڕیاری داوە لە ئۆکتۆبری سالی داهاتوودا دوبارە رێفراندۆم بەرێوە برێ.

کە واتە هەلومەرجی کاتالۆنیا لە سکۆتلەند دژوارتر بوو بەلام کێشەی رێفراندۆمی کوردستان لە کێشەی کاتالۆنیاش ئالۆزتر بوو. لە رێفراندۆمی کاتالۆنیا ولاتانی دراوسێ تەنیا پشتیوانیان نەکرد، بەلام دوژمنایەتیشیان نەکرد. لە کوردستان، ولاتانی ئیران و تورکیە نە تەنیا پشتیوانیان نەکرد، بەلکوو ئەنواعی گەمارۆ و سزایان سەپاندە سەر باشوری کوردستان. لە ئەوروپا ولاتانی دراوسێ نیگەرانی هەلوەشانەوەی ولاتی خۆیان نەبوون. بۆ وێنە لە فەرانسە هاوولاتیە کاتالۆنەکان زۆر کەم ئەژمارن و خاوەنی خاکێکی یەکپارچە نین. بەلام لە کوردستان هەر دەسکەوتێکی لەم چەشنە بۆ پارچەیەک، لە روانگەی ولاتانی دراوسێوە وەکوو مەترسییەک بۆ دابەش بوونی ولاتی خۆیان دێتە بەرچاو. تەنانەت دامەزرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ ولاتانی دراوسێ سەرهێشە و مەترسی گەورەی دروست کردوە. ئەوان نایانهەوێ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش نمونەیەکی خۆبەرێوەبەری وەکوو باشوریان هەبێ. ئەردوغان بە ئاشکرا رایگەیاند کە لە ٢٠٠٣ هەڵەی کرد کە باشوری کوردستانی داگیر نەکرد و مەجال درا بۆ سازبوونی حکومەتی هەرێم. ئەم تایبەتمەندییە لە پەنا باقی تایبەتمەندییە نادیمکراتیکەکانی تورکیە و ئیران وادەکا کە ئەوان بە تەواوی دژی ئەم گۆڕانکاریە گرنگە لە نیزیک سنورەکانی خۆیان بن. کە واتە کورد بۆ سەربەخۆیی تەنیا کێشەی کەم بوونەوەی پشتیوانی بیروڕای گشتی جیهان نیە بەلکوو کێشەی ولاتە دراوسێکانیشی هەیە کە هەر دوژمنایەتییەکیان پێ بکرێ دەیکەن.

ئەوەی تا ئێستا باس کرا تەنیا کێشە دەرەکییەکان بوو. ئەم کێشانەی کە بەرهەمی گۆڕانی لە ناکاو لە سیستمی جیهانی و بیروڕای گشتی جیهان و ویستی زلهێزەکانە. هەربۆیە چاوەڕواننەکراو بوون. بەلام کۆسپی سەرەکی سەر رێگای سەربەخۆیی کوردستان لە دەرەوە نیە و لە ناوخۆی کوردستانەوەیە.



سەرچاوە Serchawe

پێش کۆتایی ئەم بەشە و دەسپێکردنی کێشە ناوخۆییەکان، پێویستە بگوترێ کە یەکێک لە دژوارییەکانی سیاسەت ئەوەیە کە بۆ بیمە کردن نابێ و کەس گەرەنتی ناکا! ئێستا هەموو بوارەکانی کار و چالاکی و ژیان بیمە دەکرێ. ئێستا دوکتور و ئەندازیار و تاجر و کرێکار و ... هەموو دەتوانن خۆیان و کار و چالاکیەکانیان بیمە بکەن واتە لایەنێکی دیکە نرخی هەڵەکانیان بدا بەلام هیچ کۆمپانیایەکی بیمە لە جیهاندا نیە کە سیاسەتمەدارەکان بیمە بکا! تەنانەت زلهێزەکانیش زۆرجار تووشی فاکتۆری چاوەڕواننەکراو دەبن. ئەمریکا بەو مەبەستە نەچوو بۆ ویتنام کە دوو میلیون ویتنامی بکوژێ و پەنجا هەزار سەربازی خۆی بە کوشتن بدا و دوای دە سالان بە سەرشۆری بە جێی بهێلێ. یا دوای بیست ساڵ بەم شەرمەزارییە ئەفغانستان چۆل بکا و رادەستی تاڵەبانی بکا. هەروەها پێش ئەمریکا، سوڤییەت نەچوو بۆ ئەفغانستان کە بەردی ژێر دیواری خۆی بترازێنێ و ببێتە سەرەتای رووخانی خۆی. جەمال عەبدولناسر شەری ئیسرائیلی نەکرد هەتا بە ٦ رۆژان تووشی شکستێکی پر لە ریسوایی بێ و بەشێکی زۆری خاکی داگیر بکرێ. دەبینین ئەو هێزانەش زۆر جار تووشی هەڵەی موحاسبات و رووداوی چاوەڕواننەکراو دەبن.

سیاسەت زۆرجار ئاوا تاڵە. کوردیش ئەزمونی ئەوهای لە سالانی دوور و نیزیکدا زۆرە. هێندێک جاریش بە پێچەوانە، رووداوە چاوەڕواننەکراوەکان بە سودی کورد تەواو بوە .سێ سال دوای کارەساتی کیمیابارانی هەلەبجە، زۆر کەس نەیدەوێرا پشتیوانی لە راپەرین بکا، نەکا کارەساتێکی دیکەی لێ بکەوێتەوە، بەلام بە پێچەوانە راپەرین بوو بە بناغەی دامەزرانی یەکەم حکومەتی کوردی لە باشوری کوردستان. لەم سالانی دواییشدا کەم بوون ئەم کەسانەی سەرکەوتنی کوردی رۆژئاوایان پێشبینی دەکرد.

تاکوو ئێستا بە بێ ئەوەی لە هەڵەی سەرکردایەتی کورد کەم بکرێتەوە، باس لەو فاکتۆرانە کرا کە چاوەڕواننەکراو بوون. ئێستا ئەو فاکتۆرانە شی دەکرێنەوە کە بە دەستی کورد و بەرپرسانی باشور بوو و لە پێش رێفراندوم و دوای رێفراندۆم دەکرا عیلاجی بکەن و نەیانکرد.

### فاکتۆرە چاوەڕوانکراو و قابیلی پێشگیریەکان

هەر وەکوو پێشتر ئاماژەی پێکرا، بەشی سەرێ پاساوهێنانەوە نیە بۆ هەڵەکان. سەرەرای بوونی هەموو ئەو فاکتۆرانەی ئاماژەیان پێکرا، دەکرا پێشی ئەو شکستە بگیرێ یا لە ئاست و بەرفراوانی کەم بکرێتەوە. پێویست بوو بەرپرسەکان پێش رێفراندۆم و دوای رێفراندۆم هێندێک پرسیاریان لە خۆیان کردبا و پێشی ئەم کارەساتەیان گرتبا. بۆ وێنە دوای رێفراندۆم دەبوو پرسیاریان کردبا بۆچی زیاتر لە یەک میلیون کوردی باشور حازر نەبوون دەنگ بدەن، ئەویش لە گرنگترین

پرسی سیاسی ژیانیاندا. داخوا ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم بە زۆری و زۆرداری درێژ نەکراباوە، ئەگەر پارلمان بە هێزی چەکدار دانەخرابا، ئەگەر پێشی گەندەلی گیرابا و بە میلیون خەلکی باشوور، باری ئاسایی ژیانیان تێکنەچووبا، ناومالی کوردی ئاوا تێکدەچوو و زەمینە بۆ خیانەت لەبار دەبوو؟ بۆ دەبوو کارێکیان کردبا کە رخنەگرانی دلسۆز و هەلپەرستانی خائین لێک جیا نەکرێنەوە؟

چۆن دەبوو پارلمان ببێتە سالۆنی شانۆگەری و هەر دوو سال جارێک شانۆیەکی تێدا نمایش بدەن و دوایە دایبخەنەوە؟ بۆ تەنیا بۆ پەسەند کردنی بریاری رێفراندۆم پارلمان کارا کراوە؟ نەدەکرا لانی کەم سالێک پێشترەکەی، قەیرانی داخستنی پارلومان چارەسەر کرابا؟

زۆربەی نەتەوەکان بە فرێدانی جلکی عەشیرە و بە وازهێنان لە بەرژەوەندی خێل و شار و ناوچە، بوون بە نەتەوە. بۆ دەبێ ئێستاش دوای ٣٠ سال حکومەت کردن، ناوچەگەری وعەشیرەگەری سیمای بەرچاوی سیاسەت و حکومەتی کوردی بێ؟ بە میلیون کوردی باشور کە سەر بە هیچ بنەماڵەیەکی دەسەلاتدار نین، دەبێ چ بکەن؟ لە سێ سال و دە مانگی پێش رێفراندۆمدا کە کوردستان تووشی قەیرانی ئابووری بوو و زۆر کەس پارەی دوو ژەمە نانی نەبوو، لە تەخشان پەخشان و سەفەر و خۆشگوزەرانی مەسئولەکان کەم نەبۆوە هیچ، ململانەی نێوانیان زیادیشی کرد. ئەوەندەی کە پەرەپێدانی کولتوری عەشیرە زیانی بە رەوتی نەتەوە سازکردن و دەولەت ساز کردن لە باشور گەیاند، ئەوەندەش بە حیزبی کردنی رێفراندۆم زیانی لەم پرۆژە گرنگە دا. بەداخەوە تەنانەت شەر و خۆراگری کەرکوکیشی بە حیزبی کرا. واتە ئەگەر شەرەکە سەرکەوت سوودەکەی بۆ لایەنێک بێ و ئەگەریش شکستی هێنا بە زیانی لایەنەکانی دیکە تەواو بێ. لەو ناوەدا حیساب بۆ چارەنووسی خەلکی کەرکوک و داهاتووی رێفراندۆمەکە نەکرابوو. ئەوە تەنیا نمونەیەکی سادەیە لەوەی کە بە حیزبی کردنی پرۆژەیەکی نەتەوەیی چەندە کوشەندەیە بۆ سازکردن دەولەت، ئەویش لە کۆمەلگایەکی چەند جەمسەری دا.

بە کورتی، ناتەبایی ناوخۆیی، درێژکرنەوەی نادروستی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم، داخستنی نابەجێی پارلومان، پەرەپێدانی کولتوری عەشیرەگەریی، گەندەلی حکومەت، ململانەی مەسئولەکان لە بەرچاوی خەلکی برسی، تەرخان کردنی پارەی دەیان میلیونی دۆلاری بۆ شەری مێدیایی، هەموویان فاکتۆرگەلێک بوون کە دەکرا پێشی بگیرێ و هیچ پێوەندی بە ئێران و تورکیە و بیروڕای گشتی جیهان و ئەمریکاوە نەبوو!

بەم حالەشەوە، ئەگەر تەنیا دوو رۆژ لە کەرکوک بەرگری و خۆراگری کرابا، هەموو فاکتۆرەکانی بەشی یەکەم هەڵدەوەشانەوە. فاکتۆرە دەرەکیەکان هەر چەندەش گرنگ بووبان نەیاندەتوانی چارەنوسمان ئاوا بگۆرن. لە کاتی بەرگری

کوبانی دا نە تەنیا تورکیە دژایەتی دەکرد و ئەردوغان وێرای داعش چاوەڕوانی ڕووخانی کوبانی دەکرد، بەڵکوو وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری ئەمریکاش دەیانگوت کوبانی بە زوویی لە لایەن داعشەوە داگیر دەکرێ و گرنگیش نیە چون پێشتر شاری گرنگتری وەکوو موسل مان لە دەست داوە! بەلام کە خۆراگری کرا، کە جیهان دیتی کورد بەرگری لە خۆی دەکا، هەم ئەمریکا مەجبور بوو سیاسەتی خۆی بگۆڕێ و هاوکاری کۆبانی بکا، هەم تورکیە مەجبور بوو سنور بکاتەوە و هێزی پێشمەرگەی باشور بە سەربەرزێوە بگەنە کۆبانی و جوانترین سیمای یەکگرتوویی کورد بە جیهان نیشان بدەن.

ئێستاش نەچووە بچێ! ئالوگۆڕەکانی قۆناغی نێوان سەرهەڵدانی داعش و ڕێفراندۆم واتە ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧ دەسکەوتی زۆری بووە. بۆ وێنە مەجال ڕەخسا بۆ ماوەی سێ سال و سێ مانگ دەسەلاتێکی سەرکەوتووی کوردی لە کەرکوک بە خەلکی کوردستان و عێراق و جیهان نیشان بدرێ و هاوکات ڕێز لە مافەکانی عەرەب و تورکمانەکانیش بگیرێ و لە هەموو گرنگتر، ڕێفراندۆمێکی مێژووی بەرێوە بچێ کە نیشانی دا ناوچە دابراوەکان نە تەنیا خوازیاری گەرانەوە بۆ کوردستانن، بەلکوو سەربەخۆییشیان دەوێ. واتە مادەی ١٤٠ و ڕێفراندۆم پێکەوە ئەنجام دران. مەحاڵە ئەو خەلکە کە ٣ سال لە ژێر حکومەتی کوردیدا ژیاون، لە درێژخایەندا ژێردەستەیی بەغدا قبول بکەن ئەگەر حکومەتی هەرێم بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە.

## پێشنیارەکان

ئێستا کە کێشە جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆییەکان شی کرانەوە، حەول دەدرێ بۆ هەر سێ بوار، بۆ هەر چوار پارچە پێشنیاری تایبەت بە خۆیان پێشکەش بکرێ بەلام پێویستە پێشتر ئەوە روون بکرێتەوە کە ویستی سەربەخۆیی بۆ باشوری کوردستان دەبێ لە لایەن حیزبەکان و جەماوەری باشوری کوردستان وەکوو ویست و پرۆژەی سەرەکی بمێنێتەوە. هیچ کام لەم رخنانەی کە لە سەربەخۆیی و دەولەت - نەتەوە دەگیرێ لە جێی خۆی دانیە یا شاملی کورد نابێ، یا بە کورد چارەسەر نابێ. لیبرالەکان، مارکسییەکان، ئیسلامیەکان، ئانارشیستەکان کە رخنەگرانی سیستمی دەولەت-نەتەوەن هیچ کامیان تاکوو ئێستا نەیانتوانیوە بە کردەوە ئالتێرناتیڤێکی باشتر پێشکەش بکەن. وەکوو وەی وایە نەخۆشێک تووشی شێرپەنجە بووبێ بەڵام لە دەرمان و شیمی تراپی مەنع بکرێ و باسی خراپەکانی ئەم شێوە دەرمانەی بۆ بکرێ، بەلام هیچ دەرمانێکی باوەرپێکراوی دیکەی پێشان نەدرێ لە حالێکدا گشت سیستمی پزشکی و خەستەخانەکان و پسپۆرانی شێرپەنجە تەنیا بەم سیستمە کار دەکەن و ئەوە لە حالی حازردا تەنیا عیلاجە. هەموو پێوەندییە جیهانی و نێو نەتەوەییەکان، هەموو یاساکانی سیاسەتی نێو نەتەوەیی و تیجارەتی نێونەتەوەیی و هەموو چالاکیەکانی پێوەندیدار بە بانکی جیهانی و سندووقی نێو نەتەوەیی پارە، هەموو لە سەر سیستمی دەولەت-نەتەوە دامەزراوە تەنانەت بێهداشتی جیهانی و دابین



سەرچاوە Serchawe

کردنی واکسێنیش. تەنیا کاتێک دەبێ واز لە سیستمی دەولەت-نەتەوە بهێنین کە دلنیا بین ئەم سیستمە لە ناوچەیەک ئیمکانی سازبوونی نیە یا تێچۆکەی زیاترە لە دەسکەوتەکەی. ئەوە باشور ناگرێتەوە واتە ئێستاش هەر سەربەخۆیی بۆ باشور گرنگی خۆی هەیە بەلام بۆ باقی پارچەکانی کوردستان حالەتەکە جیاوازە کە لە بەشی پێشنیارە ناوچەیەکانیان دا بە وردی باسی دەکرێ.

## بە نیسبەت بیروڕای جیهانی

کورد ناتوانێ بیروڕای گشتی جیهان بە نیسبەت نیگەرانی لە سەربەخۆیی و زیاد بوونی دەولەتی تازە بگۆڕێ بەڵام دەتوانێ جیاوازی پرسی کورد لەگەل ئەزمونە فەشەلەکانی وەکوو پاکستان و سودان بەرز بکاتەوە. دەبێ بە جیهان نیشان بدرێ کە کورد تەنیا سەربەخۆیی ناوێ بەلکوو دەیهەوێ نمونەیەکی سەرکەوتوو لە ئازادی و مافی مرۆڤ و ڕێز گرتن لە باقی نەتەوەکان و باقی مرۆڤەکان پێشکەشی جیهان بکا. ئەوەش هەر بە قسە لێی قبول ناکرێ. دەبێ بە کردەوە باقی تایبەتمەندیە ئینسانی و مرۆڤ دۆستانەکانی خۆی بسەلمێنێ. دەبێ کوردستان باشترین شوێنی ڕۆژهەلاتی ناوین بێ لە بواری ئازادی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و مافی ژن و ململانەی سالمی سیاسی. دەبێ کوردستان تەنانەت بۆ ژن و پەنابەر و سیاسیەکانی ولاتانی دراوسێش کە لە مەترسی دان پەناگە بێ. دەبێ کوردستان وڵاتی ڕۆژنامەنوسانی ئازاد بێ و باشترین شوێنی ناوچە بێ بۆ بیروڕای ئازاد. لە هەموویان گرنگتر، دەبێ ماڵی دووهەمی هەموو مەسیحیەکانی ڕۆژهەلاتی ناوین بێ. بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئەم خاڵە لە هەموو خاڵەکانی پێشوو گرنگترە. هاتنی پاپا فرانسیس بۆ هەولێر مانای تایبەتی هەبوو. ئەوان سەت سال لەمەوبەر لوبنانیان ساز کرد وەکوو ولاتێک بۆ مەسیحیەکانی ڕۆژهەلاتی ناوین. کاتی خۆی زۆرینەی لوبنان مەسیحی بوون. ئێستا کە ئەزمونی لوبنان شکستی هێناوە، ئێستا کە لە دەرەوەی لوبنانیش مەسیحیەکان هیچ خاک و ناوچەیەکیان نیە، دەبێ کوردستان ببێتە ماڵی هەموویان. ئەوەش هیچ مەترسییەک بۆ دیمۆگرافی کوردستان دروست ناکا چون ڕادەی ئەوان لەو ئاستە دانیە، بەلام گرنگی ڕەوشی ژیانیان ئەوەندە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی گرنگە کە حازرن بۆ پاراستنیان هەموو کارێک بکەن.

لەو بوارەدا حکومەتی هەرێم لە باشوور هەروەها، لە ڕۆژئاوای کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوون، دیارە لە چاو باقی ناوچەکانی عێراق و سوریە. بەلام ئەوە کافی نیە. دە هێندەی ئەوەی ئێستا دەبێ کوردستان پەناگەی مەسیحیەکانی ڕۆژهەلاتی ناوین بێ، دەبێ لە پارلومان و دەسەلاتی سیاسی دا زۆر زیاتر لە ئێستا بەشدار بن. دەبێ مێدیا و قوتابخانە و ناوەندی کولتوری زۆر زیاتر لە ئێستایان لە بەر دەست دابێ و هەست بە خاوەن ماڵی بکەن، هاوکات ڕوو بە جیهانی دەرەوە ڕێکلام بکەن بۆ ژیانی ئاسودەی خۆیان لە کوردستان لە قیاس ناوچەکانی دیکەی عێراق و سوریە و باقی وڵاتانی

ڕۆژهەلاتی ناوین.

دوای ئەوەی کە کوردستان لەو ئەزمونانە سەرکەوتوو بوو، دوای ئەوەی کە دەرکەوت کە باشور نە تەنیا بە خاک بگرە بە کولتوری سیاسی و بە رەوشی ژن و ئازادیەکان و مافی کەمینەکان لە باقی ناوچەکان و وڵاتەکانی رۆژهەلاتی ناوین جیاوازە ئینجا دۆست بۆ سەربەخۆیی باشوری کوردستان ساز دەبێ. ئێستا وڵاتانی ئەوروپایی پشتیوانی دەکەن لە سەربەخۆیی سکۆتلەند: لە هەلبژاردنەکانی بریگزیت دا خەلکی سکۆتلەند نیشانیان دا لە باقی خەلکی بریتانیا جیاوازان. نیشانیان دا روانینێکی ئەوروپایی یان هەیە و لە بریگزیت، دەنگیان نەدا بە جیابونەوە لە ئەوروپا. (٦١٪ ی دەنگدەرانی سکۆتلەند دەنگیان دا بە مانەوە لە ئەورووپا). نیشانیان دا لە ئەگەری سەربەخۆیی نە تەنیا هیچ لە یەکیەتی ئەوروپا کەم نابێتەوە بگرە بە گەرانەوەی سکۆتلەند بۆ یەکیەتی ئەوروپا وڵاتێکی پێشکەوتوو بە باقی ولاتانی یەکیەتی ئەوروپا زیاد دەبێ. کە واتە وانیە کە ئەوان دژی هەر چەشنە سەربەخۆییەک بن. کافیە دلنیا بن ئەزمونی پاکستان و سودان دوبارە نابێتەوە یا وەکوو کاتالۆنیا زیان بە بەرژەوەندی ئابووری ئەوان ناگەینێ. نمونەیەک: دوای بریگزیت ئەورووپیەکان زۆر پەرۆشی گرانی نرخی ویسکین. بە سەربەخۆیی سکۆتلەند و گەرانەوەی بۆ بازاری یەکگرتووی ئەوروپا گومرگی ویسکیش نامێنێ!

## بە نیسبەت ولاتانی دراوسێ

پێش ئەوەی کە باسی ولاتانی دراوسێ دەست پێ بکرێ دەبێ ئەوە روون بێتەوە کە ئەم ئالوگۆرانەی لە سەرێ پێشنیار کرا بۆ راکێشانی سرنجی بیرورای جیهان، نە تەنیا سرنجی ولاتانی دراوسێ راناکێشێ بگرە زیاتریش دەترسن لە دروست بوونی ئەزمونێکی سەرکەوتوو لە دراوسێیەتی خۆیان کە هەم نادیموکراتیک بوونی ئەوان بەرچاوتر دەکا، هەم کوردی ولاتەکانی ئەوانیش هیوادار دەکا بۆ دروست کردنی کوردستانی سەربەخۆی دیکە. رێگە چارە چیە؟ بۆ بەشی یەکەم هیچمان پێ ناکرێ. ئەو ولاتانە درەنگ یا زوو بەراورووی کێشەی نادیموکرات بوونی خۆیان دەبنەوە، بەلام بەشی دووهەم واتە نیگەرانیان بە نیسبەت دوبارە بونەوەی ئەزمونی سەربەخۆیی باشور لە باقی پارچەکان، رێگەچارەیەکی هەیە کە دەتوانێ بۆ پرسی کوردیش بە سود بێ. پێش باس کردن لەم سەرکەوتنە چەند لایەنەیە، پێویستە ئاورێکی لە رەوشی سیاسی سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان بدرێتەوە.

لە سەرەتای ئەم بەشەدا باس لە گرنگی سەربەخۆیی کرا بەلام هاوکات گوترا بەم مەرجە کە بە راستی مومکین بێ یا تێچۆکەی زیاتر نەبێ لە دەسکەوتەکەی. لەم ئەگەرە دا دەبێ بیر لە باقی رێگەکانی دابین کردنی مافی چارەنوس بکرێتەوە. لە چوار پارچەی کوردستان ئەوە تەنیا باشورە کە ئیمکاناتی بە تەواوی گونجاوە لەگەل سازکردنی دەولەت.

ڕۆژئاوای کوردستان سەرەتایی ترین تایبەتمەندی سازبونی وڵات واتە یەکپارچەیی خاکی نیە. سیستمی کانتون و پێکەوە ژیان لەگەل باقی نەتەوەکان، باشترین سیستمە بۆ چارەی کێشەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژئاوا. لە باکور هەر چەشنە حەولدان بۆ سەربەخۆیی، گەورەترین غەدرە لە کورد، بەم هۆیە: ئێستا جیهان بە سەر سێ بلۆکی ئەمەریکا و ئەوروپا و چین دا دابەش بوە کە ئەوروپا خەریکە لە هەر دوو بلۆک دوا دەکەوێ. دوای جیابوونەوەی بریتانیا، ئەوروپا زۆر زیاتر لە جاران پێویستی بە خاک و هیزی ئینسانی هەیە و جگە لە تورکیە هیچ ولاتێکی دیکە ناتوانێ ئەم بۆشاییە پر بکاتەوە. سەردەمی ئەردۆغان درەنگ یا زوو هەر کۆتایی دێ. ئیسلامگەرایی تورکیە بە هیچ کوێ ناگا. باسی پەیوەست بوون بە ئەورووپا دیسان گەرم دەبێتەوە .بە ئەگەرێکی زۆر لە ٥ سال تا ١٠ سالی داهاتوودا تورکیە پەیوەست بە ئەوروپا دەبێ. کوردی تورکیە تەنیا کوردی چوار پارچەیە کە شانسی بە ئەوروپایی بوونی هەیە. لە راستی دا زیاتر لە بیست میلیون کورد لە داهاتوودا مافی ئەوروپایی بوونیان دەبێ دەتوانن لە پارلومانی ئەورووپا لە کوێ سوئێد و دانمارک و فینلاند زیاتر نوێنەریان هەبێ. سروشتیە لەو حالەتەدا هەر لە سەرەتاوە بەشێک لە مافەکانیان دابین دەبێ و بۆ گەیشتن بە باقی مافەکانیش وەکوو نەتەوەیەکی ئەورووپی دەکرێ خەبات بکەن.

بە ئەندام بوونی تورکیە لە ئەوروپا سودی بۆ باقی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دەبێ. یەکێک لە سودەکان ئەوەیە کە قامیشلێ و زاخۆ و ماکۆ دەبنە دەروازەی ئەوروپا. دابەش بوونی جیهان بە سەر سێ بلوکی ئابوریدا کاریگەری دیکەشی لە سەر پارچەکانی دیکەی کوردستان دا دەبێ. ئێستا ململانەیەک لە نێوان چین و ئەوروپادا دەستی پێ کردوە کە کامیان زیاتر خۆیان لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوین نیزیک بکەنەوە. کوردستان دەتوانێ دەوری گرنگ بگێرێ لەم پێشبرکێیەدا. تاکوو ئێستا حکومەتی هەرێم پێوەندییەکی گەرمی لەگەل زۆربەی ولاتانی ئەوروپا هەیە و لەم سالانەی دواییش دا پێوەندی ئابووری لەگەل چین بە هێز بوە. دەکرێ بۆ باقی پارچەکانی کوردستانیش هەر وابێ. دەبێ کوردستان ببێتە شوێنی بە یەک گەیشتنی ئەم دوو بلوکە جیهانیە. واتە کارێک بکرێ کە هەر دوولا بێنە سەر ئەم قەناعەتە کە ئەگەر لە هەموو جیهان پێکەوە ململانە و پێشبەرکێیان هەیە دەبێ لە کوردستان بوونی یەکتر قبول بکەن و چوار پارچەی کوردستان لە داهاتوودا ببێتە پردی نێوان ئەم دوو بلۆکە .

ڕەوشی ڕۆژهەلاتی کوردستان نە وەکوو ڕۆژئاوا خراپە کە تووشی دابرانی خاک بووبێ و نە وەکوو باکور باشە کە شانسی گۆرانێکی وەکوو ئەورووپایی بوونی هەبێ. کوردی ڕۆژهەلات بەلام لە بواری سیاسیەوە لە باقی ناوچەکانی ئێران پێشکەوتوو ترە. حکومەتی ئێستای ئیران هیچ داهاتوویەکی نیە و کورد دەتوانێ لە ئێرانی دوای ڕووخانی مەلایاندا، بۆ چەند دەیە داهاتوویەکی هەبێ. بە داخەوە لە باری ئابوریەوە کوردستانی ڕۆژهەلات لاوازە. هەروەها دوو ناوچەی زۆر گرنگی ڕۆژهەلات تووشی کێشەی قوولی دیمۆگرافیە هەر چەند وەکوو ڕۆژئاوای بە سەر نەهاتوە. لە باکوری ڕۆژهەلاتی

کوردستان، کورد کێشەی خاکی لەگەڵ تورکەکان هەیە و لە باشوری رۆژهەلاتیش کێشەی شوناس و خاکی لەگەڵ فارس و کوردە ئاسەمیلەکراوەکان هەیە. تەنانەت بە رەخسانی هەلومەرجی لەباریش بۆ سەربەخۆیی، بەم زوانە شانسی سازکردنی دەولەتێکی سەرکەوتوو بۆ کورد لە رۆژهەلات کە هەموو ناوچەکانی بگرێتەوە لاوازە بەڵام لە ولاتێکی دیموکراتیکی لامەرکەزی دا رەنگە کورد نە تەنیا بە زۆربەی ماف و ئاواتەکانی بگا بەلکوو پێشەنگی باقی گەلانی ئیران بێ و بتوانێ دەوری حەلقەی پێوەندی کوردەکانی چوار پارچە و باقی نەتەوەکانی ناوچە بگێرێ. جا دواتر، دوای چەند دەیە خۆ بەهێز کردن، دەتوانێ بۆ سەربەخۆیش حەول بدا یا هەر وەکوو ناوچەیەکی بەهێز بمێنێتەوە.

کە واتە مافی نەتەوەیی گەلی کورد ئێستا دەکرێ لە سوریە و تورکیە و ئێران لە رێگای سیستمی لامەرکەزی دابین بکرێ. ئەوەی کە پارچەیەکی کوردستان، واتە باشور، سەربەخۆ بێ، لە جیهاندا دانی پێ داهێندرا بێ و لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆکان ئەندام بێ، بۆخۆی سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ هەموو کورد. هەر ئەو جورەی ئیرلەندی باشور سەربەخۆ بوو بەلام لەبەر کۆمەلە فاکتۆرێکی سیاسی، مێژوویی، ئایینی، ئیرلەندی باکور سەربەخۆ نەبوو و لە قالبی سیستمێکی لامەرکەزی دا لەگەڵ بریتانیا ماوەتەوە

ئەم رێگە چارەیە نابێ وەکوو تاکتیک تماشا بکرێ، دەبێ بە راوێژی کوردەکانی هەر چوار پارچە لە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی دا وەکوو ئیستراتیژی کورد، وەکوو نەخشە رێگای کورد بۆ چارەی کێشەی رۆژهەلاتی ناوین و بە تایبەتی ئەم ولاتانەی کورد تێیدا دەژین رابگەیەندرێ. لەم حالەتەدا لە رادەی نیگەرانی ولاتانی دراوسێش کەم دەبێتەوە. یەک کوردستانی سەربەخۆ لە باشور، سێ کوردستانی خۆبەرێوەبەر لە باکور و رۆژهەلات و رۆژئاوای کوردستان، گارانتییەک دەبێ بۆ سەقامگیری ئاشتی و ئاسایشی گەلانی ناوچە.

## لە سەر کێشە ناوخۆییەکان

ئەو خاڵانەی لە بەشی راکێشانی بیروڕای گشتی جیهاندا ئاماژەی پێ کرا، بۆ ناوخۆی وڵاتیش گۆرانکاریەکی گەورە دێتە ئەژمار. ئەوەی کە کوردستان دیموکراتترین وڵات و ناوچەی رۆژهەلاتی ناوین بێ، هەم مایەی شانازییە بۆ هاوولاتیانی کوردستان، هەم لە سەر چۆنیەتی ژیانی سیاسی و کولتوری و کۆمەلایەتیش شوێندانەر دەبێ. دەمێنێتەوە ژیانی ئابوری. بەڵام پێش ئەوەی پێشنیارە ئابوریەکان پێشکەش بکرێ دەبێ پێداگری بکرێ لە سەر یەکریزی هیزی چەکداری کوردستان. زیاتر لە سەت سالە کە گرنگترین پێناسەی دەولەت-نەتەوەی مۆدێرن ئەوەیە کە مۆنۆپۆلی هەیە (انحصار) لە هێزی نیزامی دا. واتە ولاتێکی سەربەخۆ بۆ وینە لە باشور، نابێ جگە لە یەک هێزی چەکداری هەبێ و ئەو هێزەش دەبێ لە ژێر



سەرچاوە
Serchawe

فەرمانی تەنیا یەک فەرماندە دابێ. کە واتە پێش هەر چاکسازییەکی سیاسی ئابوری و کۆمەلایەتی دەبێ کێشەی بوونی دوو هێزی پێشمەرگە بۆ هەمیشە کۆتایی پێ بهێندرێ.

بۆ دەیان ساڵ لە نێوان مامۆستاکانی زانستی سیاسی دا ناکۆکی بوو کە داخوا لە نێو هۆکارەکانی سەربەخۆیی خوازی دا فاکتۆری ئابوری گرنگترە یا فاکتۆری شوناس و پیناسەی نەتەوەیی. وای لێهات دوو قوتابخانەی جیاواز بۆ چەمکی ناسیونالیزم ساز بوو. زۆربەی مامۆستا مۆدێرن و چەپەکان هەلومەرجی ئابورییان زەق دەکردەوە. پێیان وابوو ئەو نەتەوانەی کە یا زۆر هەژارن لە چاو باقی ناوچەکانی ولاتەکە، یا زۆر دەولەمەندترن لە باقی ناوچەکان خوازیاری جیایی و سازکرنی کیانی تایبەتی خۆیانن. بۆ حالەتی یەکەم نمونەیان لە ولاتانی ئەفریقا دەهێناوە کە زۆربەی ئەو ناوچانەی لە پەراوێز هەلکەوتوون و هەژارن، لە چۆنیەتی دابەشکرنی سامانی ولاتە گەورەکە نارازین، خوازیاری جیا بونەوەن و پێیان وایە ئەگەر بۆخۆیان کەمیشیان هەبێ هەر باشترە لەو زۆرەی ئێستا کە هیچ بە ئەوان نابرێ. بۆ حالەتی دوهەمیش نمونەیان لە کاتالۆنیا دەهێناوە کە لە باقی ناوچەکانی ئیسپانیا دەولەمەندترە و پارەیەکی زیادە وەکوو مالیات دەنێرن بۆ مادرید کە لە باقی ناوچەکانی ئیسپانیادا دابەش دەبێ و پێیان غەدرە لە خۆیان، هەر بۆیە خوازیاری جیابوونەوەن.

بەلام جیابونەوەکانی چەند دەیەی رابردوو زیاتر لە سەر ئەساسی شوناس بوە. یەکیەتی ئەوروپاش نمونەی کاتالۆنیای گۆریوە و ئەم روانینە کلاسیکە کۆتایی پێهات کە پێی وابوو کاتالۆنەکان بە خاتری سەروەت و سامانی زیاتر جیا دەبنەوە: بە ساز بوونی یەکیەتی ئەوروپا ئەم فاکتۆرە پێچەوانە بۆوە. ئێستا کاتالۆنەکان باش دەزانن لە ئەگەری جیابونەوە لە ئیسپانیا لە یەکیەتی ئەوروپاش دەر دەکرێن و زیانی قورسی ئابوری دەبینن. هاوکات بەشی زۆری پێوەندییە تیجاریەکانیان لەگەل باقی ناوچەکانی ناوخۆی ئیسپانیایە یە. ئەگەر جیا بنەوە گەمارۆیان دەخرێتە سەر و تیجارەتیان نامێنێ، بەلام بەم حالەش خوازیاری جیابوونەوەن. ئەوەی ئێستا بۆیان گرنگە فاکتۆری ئابووری نیە بەلکوو ئەوەیە کە حکومەتی مادرید خەریکە دیمۆگرافی بارسێلۆنا و باقی شارەکانی کاتالۆنیا دەگۆرێ. خەلکانی غەیرە کاتالۆن نیشتەجێی ناوچەکەیان دەکرێن.بۆیە ئامادەن هەموو کارێ بکەن و هەموو نرخێ بدەن بە دژی ئەم رەوتە. لە سەرۆک و رێبەرەکانیشیان پشتیوانی دەکەن و ئەوانیش لەگەل خەلکەکەیان هاودڵ و هاودەنگن. لە سکۆتلەندیش هەر بەم شێوەیە. خەلک زۆریان بۆ گرنگ نیە کە ئابوری ولاتەکەیان پێش و دوای سەربەخۆیی چ گۆرانێکی بە دوا دادێ بەلام شانازی دەکەن کە خزمەتگوزاری تەندروستی و پزشکی سکۆتلەند لە باقی ناوچەکانی بریتانیا باشترە. شانازی دەکەن کە خوێندن تا ئاخرین پلەی زانکۆ لە سکۆتلەند بە لاشە بەلام لە بریتانیا خوێندکارەکان دەبێ قەرز لە حکومەت وەرگرن و دوایە بیدەنەوە. کە واتە خەلکی سکۆتلەند لە حکومەتە خۆجێیەکەیان رازین. ئێستا مانیفیستی حیزبی ناسیونالیستی سکۆتلەند، لە مانیفیستی حیزبی

کریکاری بریتانیا چەپتر و سوورترە. کوردستانیش پێویستی بە گۆرانێکی لەو چەشنە هەیە: سوسیالیزمێک لە ناو دڵی ناسیونالیزم دا. سازکرنی هاودڵی لە نێوان حکومەت و خەلک دا.

کولتوری سیاسی سوسیالیزم و دادپەروەری کۆمەلایەیی لە کوردستان زۆر بە هێزە. کورد ناعەدالەتی ئابووری قبول ناکا، رێز لە سەرمایەدار و خاوەن هێز و پارە ناگرێ، جیاوازی چینایەتی وەکوو دیاردەیەکی ئاسایی بۆ قووت نادرێ، هاوکات هەستی ناسیونالیستی و نیشتمان پەروەری کورد لە یەکێک لە بەرزترین ئاستەکانی خۆیدایە کە دیاردەیەکی باوە لە نێو نەتەوە بێ دەولەتەکاندا .کە واتە حکومەتی کوردی مەحکومە بە سازکردنی سوسیالیزمێکی دیموکراتیک لە ناو دڵی ناسیونالیزمەکەی دا (دیارە لێرە مەبەست لە سوسیالیزم مانا سەدەی بیستەمەکەی نیە و زیاتر مەبەست ئەم سیستمە ئابوری-کۆمەلایەتیە کە بۆ وێنە لە ولاتانی سکاندیناوی یا سکۆتلەند دەبیندرێ و خزمەت بە هەژاران دەکا و پێشی جیاوازی قوولی چینایەتی دەگرێ).

ئەگەربناشوری کوردستان دەیهەوێ لە ٥ تا ١٠ سالی داهاتوودا دیسان حەولی سەربەخۆیی بداتەوە، پێویستی بە بەرزترین ئاستی عەدالەتی کۆمەلایەتی هەیە. دەبێ گەلی کورد لە باشور هەست بکەن نە تەنیا لە چاو بەغدا، بەلکوو لە مقایسەی باقی ولاتانی دراوسێشدا رادەی خزمەتگوزاری گشتی و پەروەردە و یارمەتی بە هەژار و کەم ئەندام و پەککەوتوو زیاتر و باشترە. گرنگ نیە کوردستان داهاتی گشتی چەندە بەلام گرنگە خەلک هەست بکەن لەم داهاتەدا شەریکن. بۆ باقی پارچەکانیش دادپەروەری کۆمەلایە تی زۆر گرنگە و دەبێ وێرای پێشکەوتوویی سیاسی، رەوشی ژیانی گەلی کورد لەم سێ پارچە خودموختارەدا لە باقی ناوچەکانی ولاتانیک کە تییدا دەژین باشتر بێ یا لانی کەم لە ئاستی ئەو ناوچانە دابێ.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - رێکەوتی: ١٣ی جولای ٢٠٢٢

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٢ی کورد = جووڵای ٢٠٢٢ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe




# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ د. هێمن سەیدی بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم بابەتە بەنرخە.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**


